# تیشکێک بۆ سەر فیلمی
# (بە نێو کوردستانی سەرەتاییدا)


هیوا ناسیح

## پێشەکییەک

ماوەیەک لەمەوبەر لە ڕێگەی هاوڕێیەکی سویسریمەوە کاسێتی فیلمی (بەناو کوردستانی سەرەتاییدا - Durchs Wilde Kurdistan) م دەستکەوت و بینیم، هەڵبەتە ئەم فیلمە لە یەکێک لە چیرۆکەکانی کارڵ مای(Karl May)ەوە ئامادەکراوە، کە بە هەمان ناوەوەیە. پاشتریش ئەو کتێبەم خوێندەوە، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر کڕیبووم.

دیارە ساڵانێک بوو ناوبانگی ئەم نوسەرە میللییەی ئەڵمانیم بیستبوو، کە زیاتر لە سەد ساڵ لەمەوبەر دەیان ڕۆمانی جۆراوجۆری لە سەر گەلان و ناوچە جیاجیاکانی گێتی بۆ هەرزەکاران و مێردمناڵانی جیهان نووسیوە، چونکە وەک دەڵێن کتێبەکانی ناوبراو بۆ ئەو دەمانە وەک چیرۆکەکانی (هاری پۆتەر)ی ئەم سەردەمە خوێنەری لە نێو هەرزەکاراندا زۆر بوونە. بە شێوەیەک نەک هەر مێردمناڵانی ئەڵمانیزمان لە وڵاتانی ئەڵمانیا و نەمسا و سویسرا و لۆکسەمبورگ و لیختنشتاین، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری مناڵانی ئەوروپاش ئەم چیرۆکەیان خوێندۆتەوە یان فیلمەکانیان بینیوە، ئەوە بوو لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا سەرجەم کارەکانی نووسەری ناوبراو، کە بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕراوە، لە لایەن کۆمپانیایەکەوە کران بە فیلمی سینەمایی و تا ئێستاش کڕیار و بینەری خۆیان هەیە. بە ڕاستی وەک من لە خەڵکی ئەم وڵاتەم گوێ لێ بووە، کەم نین ژمارەی ئەوانەی کە دەڵێن: بۆ یەکەم جار وشەی (کوردستان) مان لە کتێبەکانی (کارڵ مای)ەوە بیستوە.

## (کارڵ مای)کێیە؟




(کارل مای) لە ساڵی ١٨٤٢ لە شاری (ئێرنستتال)ی ئەڵمانیا لە دایک بووە و لە ساڵی ١٩١٢ لە (ڕادێبۆیل) کۆچی دوایی کردوە. بە یەکێک لە چیرۆکنووسە گەورەکانی ئەڵمانیا دادەنرێت.

نزیکەی ٣٣ بەرگی چیرۆکی نوسیووە، کە بە زیاتر لە ٤٠ زمانی زیندوی جیهان وەرگێڕراوە و زۆربەشیان کراون بە فیلم و شانۆگەری و زنجیرە تەمسیلی کۆمیدی. ڕۆمانەکانی ئەم یەکێک لە پڕفرۆشترین بەرهەمی نووسەران بووە، بە جۆرێک لە سەرانسەری جیهاندا ٢٠٠ ملیۆن دانە لە کتێبەکانی فرۆشراوە. لە بنچینەدا چیرۆکەکانی بۆ هەرزەکاران و مێردمناڵان نووسیوە، بەڵام لە نێو گەورانیشدا دەخوێنرێنەوە. بە تەکنیکێکی تێکەڵ بە بەزمەسات (کۆمیدی) و مەرگەسات (تراژیدی) وە ململانێ و سەرکێشی و ڕوداوی پڕ لە مەترسی نووسیونی. زیاتر باس لە گەشت و سەفەر دەکەن بەناو وڵاتانی ڕۆژهەڵات و وڵاتە یەکگرتوەکان و مەکسیک، کە بە شێوازی (من) دەیانگێڕێتەوە.. خوێنەر هەرگیز هەست بە ماندوویی وبێزاری ناکات لە خوێندنەوەیاندا. چونکە بە تام و چێژێکی تایبەتییەوە نووسیونی. زۆربەیان باس لە دابونەریتی گەلان و ناوچە

جۆربەجۆرەکانی جیهان دەکات لەو سەردەمانەدا، سەیر ئەوەیە، نووسەر خۆی ئەو ناوچانەی نەبینیوە کە باسیان دەکات!! بەڵام ناوەڕۆکەکانیان ئەوەمان پێ دەڵێن، کە ئەم کەسێکی بە ئاگا بووە و شارەزاییەکی باشی ئەو گەل و ناوچانە بووە، کە لە بارەیانەوە دەدوێت.

## بەنێو کوردستانی سەرەتاییدا




نووسەر ئەم ڕۆمانەی لە ساڵی ١٨٩٢ دا نووسیوە، ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ کۆمەڵیکی زۆر لە ڕۆمانەکانی تریدا کراوە بە فیلمی سینەمایی. دەرهێنەرەکەی فرانتس یوسف گۆتلیبە – Franz Josef Gottlieb)ئەکتەری ناسراوی کۆچکردوی ئەڵمانی (لیکس بارکەر ـ Lex Barker) و ماریا ڤێرسینی و ڕالف ڤۆلتەر) ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. ئەم فیلمە ڕەنگاوڕەنگەو کاتەکەی 103 خولەکە و بە زمانی ئەڵمانییە. لە زۆربەی کتێبخانە گشتیەکانی وڵاتانی ئەوروپا CD و کاسێتەکەی دەست دەکەوێت.

## سەربوردەی چیرۆکەکە

ئەم فیلمە باس لە زەبروزەنگ و ستەمی سوڵتانی عوسمانی دەکات دژ بە گەلانی بندەستی وەک و کورد و کلدانییەکان. ئەو ناوچەیەی باسی دەکات ویلایەتی موسڵە. تێکۆشان بۆ ئازادی و سەرفرازی کورد وەک گەلێکی چەوساوە و تینو بە سەربەخۆیی دەگێڕێتەوە. ئەو سەردەمەی باسی دەکات ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیە.

ئەحمەد کە لاوێکی قۆز و تێکسمڕاوە کوڕی شێخ موحەمەد ئەمینە، دەبینێت کۆمەڵێک سوارەی سوپای عوسمانی ئاو لە بیرەکەی کەوتۆتە ناوچەکەی قەڵەمڕەوی باوکییەوە هەڵدەهێنجن. بەمە ڕازی نابێت و بە بڕنەوەکەی تەقەیان لێ دەکات، ئەوان بە دیلی دەیگرن و بە دەست بەستراوی و ئەشکەنجە و لێدانەوە بەرەو زنیدانی (بوروسکۆ ـBurusco)ی دەبەن، لەوێ بە تۆمەتی ئەوەی دژی دەستەڵات و ئیرادەی شای عوسمانی جوڵاوەتەوە، بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەردەکەن. باوکی ئەحمەد، کە پیاوێکی بەتەمەنی ڕیش سپییە، داوا لە (قەرە بەن نەمسی) کە لە فیلمەکەدا کەسێکی گەڕیدەی ئەڵمانییە و جێ متمانەی کورد و تورکەکانیشە دەکات، تا یارمەتی بدات و کوڕەکەی لە مەرگ ڕزگار بکات. (قەرە بەن نەمسی) گوایە نوسەرە و دەگەڕێت بە ناو گەلان و وڵاتاندا تا لە سەریان بنوسێت. ئەم دووانە بە هاوکاری (حاجی خەڵەف عومەر) کە کەسێکی زۆربلێی شارەزای ڕێگەوبانە، هەم وەک و ڕێبەر و هەمیش وەک هاوڕێ و خزمەتکار لەگەل (قەرە بەن نەمسی)دایە، بە سواریی بۆ سەفەرێکی چوار ڕۆژە، بە ناو شاخ و دۆڵ و دارستان و دەشتاییدا دەکەونە ڕێ. لە ڕێگەدا توشی زۆر کارەسات و کەمینی جەردە و ڕێگر دەبنەوە و بە جەربەزەیی و چاونەترسی و شەڕکردن تێپەڕ دەبن.

هەر لە ڕێگەدا دەگەن بە (لۆرد لیندسەی) و خزمەتکارەکەی، کە پیاوێکی خۆشڕوو وە ڕەفتار سەیروسەمەرەی ئینگلیزە و هاوڕێی کۆنی (قەرە بەن نەمسی)ە و خۆیان و گرامافۆنێکی کۆن بە سواری بە ڕێگاوەن. دەگەنە ناوچەی کوردەئێزیدیەکان، کە کاتی جەژن و سروتێکی تایبەتی ئاینییان دەبێت. لەو کاتەی ئەمان لای ئێزیدییەکان دەبن، هێزێکی زۆری سوارەی

تورک دێن بەرەو ئەو ناوچەیە و دەیانەوێت بەتۆمەتی نەدانی باج و خەراج و سەرانە بدەن بە سەر گوندەکانیاندا و ماڵ و سامانیان بە تالان بەرن! ئەمانیش پشتگیری و هاوکارییان دەکەن وپاش کوشتارێکی زۆر پێکەوە هێزەکەی تورکەکان تێکدەشکێنن و ناچاری پاشەکشەیان دەکەن.




ئەمان دەکەونەوە ڕێگە و سەرئەنجام بە هەر دەردەسەری و مەترسییەک بێت دەگەنە ئەو شارەی ئەحمەدی لێ زیندانی کراوە، والییەکی هەمیشە سەرخۆش و بەدمەستی سەیر حوکمی دەکات، کە بە بەردەوامی مەی دەخواتەوە!! ئەحمەد لە ژێر پەتی سێدارە و ئاهەنگی لە سێدارەدانیدا چەند چرکەیەک پێش هەڵواسینی، لە مەرگ رزگار دەکەن و دەکەونە ڕێگە بگەڕێنەوە. دەستوپێوەند و سۆراخکەر دەکەونە دوایان و شوێن پێیان هەڵدەگرن، دەیاندۆزنەوە و شەریان لەگەڵ دەکەن و باوکی ئەحمەد لە پێکادانەدا دەکوژرێت و ئەوانی تریش بە دیل دەگیرێن، دەیانەوێت لە سێدارەیان بدەن بەڵام بە هەر حاڵێک بووە لە مەرگ رزگاریان دەبێت...

نوسەر لەم فیلم و ڕۆمانەدا هەروەها لە چیرۆکێکی تریشیدا، کە ئەویش هەر کراوە بە فیلم بە ناوی (لە وڵاتی شێرە زیوینییەکاندا - Im Reich des Silbernen Löwen) گەلی کورد بە ئازا، چاوتێر و نانبدەیی، ڕێزگر لە میوان، غەریبنەواز و تێکۆشەر دەناسێنێت. جێگەی سەرنجە گەرچی فیلمەکە بە زمانی ئەڵمانییە، کەچی هەندێ وشەی کوردی ئەوکاتە (تێکەڵ بە فارسی و تورکی) وەک: پادشا، سەلام (سڵاو)، فەرمان (فەرمانی پادشا)، ئەفەندی...هتد لە گفتوگۆکاندا بەکاردەهێنرێت.

خۆزگە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت وەزارەتی ڕۆشەنبیری هیممەتێکیان دەکرد و ئەم ڕۆمانە شاکارەی (کارل مای)یان دەکرد بە کوردی، یان لای کەمی فیلمەکەیان بۆ سەر زمانی کوردی دۆبلاج دەکرد.

بۆ بینینی هەندێک دیمەن و وێنەی ئەم فیلمە، خوێنەر دەتوانێت کلیکی ئەم لینکە بکات:

http://www.km-filmbilder.info/dwka/dwka.html

ڤینتەرتور 17.8.2007
hiwanaseh@hotmail.com